# "کادەك" یش ڕێگا خۆش دەکات بۆ هاتنی لەشکری تورکیا

## هشام ئاکرەیی

بەر لە ئیستا بە چەند ڕۆژێک کونگرەی ئازادی و دیموکراتی کوردستان "کادەک" ( پکک) ی کۆن، لە ڕاگەیاندنێکی کۆمیتەی ڕابەرایەتییان دا ڕایانگەیاند کەوا ئەوان بڕیاریان داوە بکەونە حالەتی "شەڕی بەرگری ڕەوا" و واز لەو ئاگربەستە بێنن کە بەر لە ئیستا بە چوار ساڵ ڕایانگەیاندبوو لە دوای ڕەڤاندن و گرتنی سەرۆکی پارتەکەیان عەبدوڵلا ئۆجەلان.

http://www.kurdistannet.net/Feb2003/lekadekewe.pdf

هۆی ئەو گۆڕانکاریە "کادەک" دەگەڕێنتەوە بۆ ڕێگا نەدانی دەسەڵاتدارانی تورکیا بە پارێزەران و کەسوکاری ئۆجەلان سەردانی بکەن و ڕازی نەبوونی تورکیا لە سەر چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە بە شێوەی دانوسان. لە بەر ئەو هۆیانە و چەند هۆیەکی تر وەک ئەوان دەڵێن، "کادەک" ناچار بوە دەست بە شەڕ بکاتەوە لە گەڵ تورکیا.
ئەگەر پکک بۆی هەبێ ئاگربەس و شەڕ بە ئارەزوی خۆی ڕابگەیەنێت، گەلی کوردیش بۆی هەیە ئەم هەنگاوانەی "کادەک" بخاتە ژێر پرسیار و لێکۆلینەوە.
ئایە لە بەرژەوەندی گەلی کوردە، لەم بارودووخە ناسکەدا ئەوان دەست بە شەڕ بکەنەوە؟ لەکاتێکدا زۆربەی هەرە زۆری هێزەکەیان لە باشووری کوردستانە و تورکیا لە بیاتۆ دەگەڕێت بۆ چوونە ناو خاکی باشوورەوە و تێکدانی ئەو ئەزموونەی دوانزدە ساڵە گەلی کورد دروستی دەکات بە هەموو کەمووکۆڕیەکانیشەوە. ئایە هیچ گۆڕانکاریەک لە سیاسەتی تورکیادا ڕۆی دابوو تاوەکوو پکک شەڕ ڕاوەستێنێت؟ ئایە هیچ گۆڕانکاریەکی گەورە لە سیاسەتی تورکیادا بەرامبەر بە پکک ە ڕۆیداوە تاوەکوو دەست بەشەڕ بکاتەوە؟ یان پکک دەیەوێت هەڵەیەکی تەمەن چوار ساڵە تازە ڕاستبکاتەوە لە سەر حسابی ئەزموونی باشووری کوردستان؟
پکک لە کاتدانانێکی ناتەواودا ئاگربەسی ڕاگەیاند لە گەل تورکیا و لە کاتدانانیکی ناتەواویش دەست بەشەڕ دەکاتەوە. پکک لە کاتێکدا شەڕی ڕاوەستاند کە زۆربەی گەلی کورد دژی ئە ڕاوەستاندنە بوون و دەست بەشەڕیش دەکات لە کاتێکدا ئەو گەلە دژ بەو شەڕەیە، نەک لە بەر ئەوەی گەلەکەمان دژ بەشەڕە بەلکوو لە بەر ئەوەی کاتەکەی تەواو نیە.
هەر لە ئیستاوە ڕاگەیاندنی تورکیا هەوڵ دەدات سوود لەو بڕیارەی "کادەک" وەربگرێت و لە چەندین بڵاوکراوە ئاماژەیان بەوەکردوە کەوا ئەگەر کوردەکان لە باشووری کوردستان دەوڵەتێکی کوردیش ڕانەگەیەنن، ئەوە ئەکەر لەشکری تورکیا نەڕواتە باشوور "کادەک" ئیستغلالی ئەو دەلیڤەیە دەکات و لەوێوە خۆی بەهێز دەکات و هێرش دەکاتە سەر شارەکانی تورکیا.

http://www. turkishnews. com/NewsNetwork/?referrer=medya_haber_news_media=www. medyamax. com

ئەکەر ڕاوەستاندنی شەڕ لە گەڵ تورکیا لە لایەن "کادەک"ەوە زیاتر زیانی بەوانەوە گەیاندبێت وەک پارت و ببێتە هۆی دوورکەوتنیان لە جەماوەرەوە، ئەوە دەستپێکردنەوەی شەڕ زیانی هەرە گەورە بە بزوتنەوەی ڕزکاریخوازی گەلەکەمان دەدات لە کوردستان و بە تایبەت خەباتی گەلی باشوور.
ئەگەر "کادەک" و پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان بە تەواوەتی دەیانەوێت لە ئاستی بەپرسیاریەتیدا بن و بەرژەوەندی کوردستانیان گەرەکە و خۆیان بە پارتی کوردستانی بزانن لە هزرو و پراکتیکدا، ئەوە دەبێت واز لە شەڕ بێنن لەم کاتە ناسکەدا و با بۆ چەند مانگێکی تر بەدوا بخەن. ڕاستە ئۆجەلان لە حالەتێکی نالەباردا دەژیت بەڵام ئەوە نابێ ببێ بە هۆی قوربانی کردنی ئەزموونی باشوور تەنیا بۆ ئەوەی ئۆجەلان پارێزەرەکانی ببینێ.
ئەگەر "کادەک" و پارتی چارەسەری ویموکراتی کوردستان دەیانەوی نزیک ببنەوە لە خواست و یستی جەماوەر و پارتەکانی باشووری کوردستان و حکومەتەکانی، دەبێ ئاوڕدانەوەیەکی بارودووخەکەشی بکەن و لە بەرژەوەندی ئەو بەشەشدا هەنکاو بنێن و سیاسەتی خۆیان داڕێژن. دەبێ بەرژەوەندیەکانی گەل لە بەرچاوبگرن نەک تەنیا بەرژەوەندی پارتایەتی تەسک.

با "کادەک" و پارتی چارەسەری ویموکراتی کوردستان پرسیار لە خۆ بکەن، ئەگەر ئەوان دەستیان بە شەڕکرد دەتوانن چی بکەن؟ ئایە تورکیا لە ناو دەبەن؟ ئایە دەتوانن ڕێگا لە بەردەم لەشکری تورکیا بگرن؟ هەلبەتە نا. بەم شەڕە "کادەک" و پارتی چارەسەری ویموکراتی کوردستان ناتوانن هیچ شتێک بگۆڕن. چگە لە بیانۆ دان بە تورکیا تاوەکو هێرش بکاتە سەر باشووری کوردستان. یان لە باشترین حاڵەتدا ڕێکا خۆش دەکات بۆ هاتنی ژمارەیەکی زیاتری لەشکر بۆ باشوور. بەم سیاسەتەش تورکیا سەردەکەوێت. لەوانەیە خودی تورکیا بە هەڕەشە و سیاسەتی تایبەت "کادەک" هان بدات بۆ وەرگرتنی بریاری شەڕ. بەو واتایە "کادەک" دەکەوێتە تەڵی پیلانەکانی تورکیا و لە دژی بەرژەوەندی کورد هەنگاو دەنێت.

بەهەڵەدا چوونە ئەگەر وا بیربکەینەوە کەوا، کێشەکە تەنیا پەیوەندی بە "کادک" و لەشکری تورکیاوە هەیە و بڵێین لە هەموو حاڵەتێکدا لەشکری تورکیا هەر دێتە ناو خاکی باشووری کوردستان، "کادەک" شەڕ بکات یان نەکات. یان بڵێین تورکیا ئەم تەنگژە بە دەلیڤە وەردەگرێت تا وەکوو هێرش بکاتە سەر هێزەکانی پکک.

جیاوازیەکە لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەتوانین دەستنیشان بکەین:

» لە چاو گەلی باشووری کوردستاندا "کادەک" و پارتی چارەسەری ویموکراتی کوردستان دەبنە جێبەجێکەری سیاسەتی تورکیا ئەکەر ئەوان دەست بە شەڕ بکەن. لە کاتێکدا ئەگەر تورکیا هێرش بکات و هێزەکانی "کادەک" و پارتی چارەسەری ویموکراتی کوردستان بەرگری بکەن لە باشووری کوردستان، دەبنە خەباتگێڕ و تێکۆشەر.

» تورکیا پشتگیری ئەوروپای هەیە تەنیا ئەگەر هێرش کرایە سەر. ئەم پشتگیریە لە دوای ناکۆکیەکی زۆر ئەمریکا توانی لە سەر وڵاتە ئەوروپیەکاندا بسەپێنێ. ئەگەر پکک دەست بە هێرش بکات ئەوە، تورکیا ئەو پشتگیریە مسۆگەردەکات. بەڵام ئەگەر تورکیا هێرش بکات ئەوە هیچ پشتگیریەکی نابێت و لەوانەیە ئەوروپا لە دژی تورکیا و ئەمریکا ڕاوەستێت و مەسەلەی بۆنی تورکیا بە ئەندام لە ناو ئەکیتی ئەوروپادا کە خەونێکی دێرینی تورکیایە پاشکەوێت.

» تاوەکوو ئەمڕۆ پکک دوورە لە پلانەکانی ئەمریکا دەربارەی عێراق. ئەویش لە بەر ئەو ئاگربەسەی کە پکک ڕایگەیاندووە و هەندێ هۆی تر. ئەگەر پکک ە دەست بە شەڕ بکاتەوە ئەوە دوور نیە هاوکات لە گەڵ لابردنی ڕژێمی عیراق خودی ئەمریکاش بە شداربێت لە گەڵ لەشکری تورکیا بۆ نەهێڵانی پکک. هەروەها دەبێتە هۆی نەمانی ئەو پەیوەندیە نهێنیانەی ئەمریکا دەسی بێکردون لە گەڵ سەرانی پکک.

» بۆ یێکەمین جارە لە مێژۆی گەلی کورددا، جەماوەری گەلی کوردستان بگاتە ئەو ڕاستیە کە تورکیا گەورەترین ئاستەنگ و ڕێگرە لە بەردەم ئازادبوونی باشووری کوردستانیش دا و ئەگەر باشووری کوردستان بیەوێت ڕزگاربێت، دەبێ دژی دەستوەردان و نفوزی تورکیا ڕاوەستێت. ئەگەر "کادەک" و پارتی چارەسەری ویموکراتی کوردستان ئاگاداری هەڵوێستی خۆیان نەبن، ئەوە بەو هەڵوێستەی خۆیان گەلی کوردستان جارێکی تر دەخەنە گومانەوە و هەر هاوکاریەک لە داهاتوودا زەحمەت دەبێت.

بۆیە بە زووترین کات دەبێ "کادەک" هەڵوێستی خۆی بگۆڕێت و ئاشکرا بکات کەوا ئەوان بە هیچ شێوەیەک دەست بە شەڕ ناکەن لە گەڵ تورکیا لە کاتی شەڕی عیراق و ئەمریکادا و ئەوان پا بەندی هەر بڕیارێک دەبن لە لایەن پەرلەمانی باشووری کوردستانەوە دەرکەوێت و لەم ماوەیەدا هیچ جموجۆڵێک بە هێزی سەربازی خۆیان ناکەن ولەو هەرێمە دەمێننەوە کە ئێستا تیادان.

**تێبینی کوردستان نێت:**

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیر و بۆچونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونە (کوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە. لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگەیە.

ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسینێکدا دەنووسرێت..... 15-1-2003